# لێکۆڵینەوە ورووونکردنەوەی زۆرێک لەبابەتەکانی حەج وعومرە وزیارەت

## بەشی : واجبە تەوبەکردن لەگوناهو دانەوەی مافی خەڵکی پێش حەج کردن

## التحقيق والإيضاح لكثير من مسائل الحج والعمرة والزيارة

## فصل : فى وجوب التوبة من المعاصي والخروج من المظالم

< Kurdish - كردي - کوردی >

سەماحەتی شێخ عبد العزیز بن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت )

سماحة الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز (رحمه الله )

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# واجبە تەوبەكردن لەگوناهو دانەوەی مافی خەڵكی پێش حەج كردن

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی كوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

ئەگەر هەر كاتێك مرۆڤی موسڵمان خۆی یەكلای كردەوە كە سەفەری حەج یان عومرە بكات، ئەوە سوننەت وایە وەصیەت بكات بۆ ماڵ ومناڵ وهاوڕێكانی و ئامۆژگاریان بكات بەوەی لەخوای گەورە بترسن، ئەویش بەوەی ئەوەی خوای گەورە ومیهرەبان فەرمانی پێكردووە ئەنجامی بدەن، وە ئەوەیشی ڕێگری لێكردووە لێی دوور بكەونەوە .

پاشان پێویستە لەسەری ئەو قەرزانەی كە هەیەتی لای خەڵكیە یان قەرزی خەڵكی لەسەرە بینوسێت، وشاهیدێشیان لەسەر بگرێت، بۆ ئەوەی بەتەواوی جێگیر ببێت .

وە واجبە لەسەری تەوبەیەكی نەصوح وڕاست ودروست بكات لە تەواوی گوناهەكانی، بە بەڵگەی ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴾ [ النور: ٣١ ] .

واتا : كەوابوو ئەی باوەڕداران! هەمووتان بەرەو لای خوا بگەڕێنەوەو پەشیمان ببنەوە، بەشكو گشتان هەم لەدونیاو، هەم لە دواڕۆژدا ڕزگارو بەختیاربن .

هەقیقەتی تەوبە وگەڕانەوەش بۆ لای خوای گەورە بەم شێوەیەیە :

یەكەم : وازهێنان ودوور كەوتنەوە لە گوناهو تاوان .

دووەم : پەشیمانی لە گوناهی ڕابردوو .

سێهەم : عەزیمەت وخۆیەكلایی كردنەوە لەوەی جارێكی تر نەگەڕێتەوە بۆ ئەو گوناهو تاوانانەی كە تەوبەی لێكردوون .

چوارەم: ئەگەر هاتوو هەق ومافی خەڵکی بەسەرەوە بوو، لە دەستدرێژ کردنە سەر نەفس و ماڵ وسامان وشەرەف وناموسی خەڵکی، پێش سەفەرەکەی بیانداتەوە، یان گەردنی خۆیانیان پێ ئازاد بکات، چونکە لەم بارەیەوە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە فەرموودەیەکی صەحیحدا فەرموویەتی : { من كانت عنده مظلمة لأخيه من مال أو عرض فليتحلل اليوم قبل أن لا يكون دينار ولا درهم، إن كان له عمل صالح أخذ منه بقدر مظلمته، وإن لم تكن له حسنات أخذ من سيئات صاحبه فحمل عليه } [1] .

واتا : هەر کەسێك هەق ومافی براکەی بەسەرەوەیە لە ماڵ وسامان وشەرەف وناموس، ئەوە با ئەمڕۆ خۆی لێ ڕزگار بکات، پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە بێت کە نە دینار و نە درهەم هەیە، چونکە ئەو کەسەی کە ئەمە نەکات، ئەگەر کار وکردەوەی باشی هەبێت بە ئەندازەی ئەو زوڵم وستەمەکەی کردویەتی لەخەڵکی کار وکردەوەکەی لێ وەردەگیرێت، خۆ ئەگەر حەسەنات وکار وکردەوەی باشیشی نەبێت ئەوا خراپە گوناهو تاوانی براکەی دەکەوێتە سەر و دەیدەن بە سەریدا .

## بابەتێک : کەسابەت وبەدەستهێنانی ماڵی حەڵاڵ بۆ حاجی وعومرەکار .

پێویستە حاجی و عومرە کار لە حەڵاڵترین ماڵ وسامانی خۆیان نەفەقە ومەسروفاتی حەج وعومرەکەیان بدەن .

لە فەرموودەیەکی صەحیحدا هاتووە : پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : { إن الله تعالى طيب لا يقبل إلا طيباً } [2] .

واتا : خوای گەورە پاکو خاوێنە، وە ئەوەشی پاکو خاوێن نەبێت وەری ناگرێت .

طەبەرانی لە ئەبو هورەیرەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : { إذا خرج الرجل حاجاً بنفقة

(1) بوخاری ڕیوایەتی کردووە، لە ( كتاب المظالم والغضب، باب من كانت لم مظلمة عند الرجل فحللها له ) بە ژمارە (2317)، لە ئەبو هورەیرەوە .
(2) موسلیم ڕیوایەتی کردووە، لە ( كتاب الزكاة، باب قبول الصدقة من الكسب الطيب) بە ژمارە (1015) لە ئەبو هورەیرەوە .

طيبة ووضع رجله في الغرز فنادى: لبيك اللّهُمَّ لبيك، ناداه مناد من السماء: لبيك وسعديك، زادك حلال، وراحلتك حلال، وحجك مبرور غير مأزور. وإذا خرج الرجل بالنفقة الخبيثة فوضع رجله في الغرز فنادى: لبيك اللّهُمَّ لبيك، ناداه مناد من السماء: لا لبيك ولا سعديك، زادك حرام، ونفقتك حرام، وحجك غير مبرور } [(1)] .

واتا : ئەگەر هاتوو هەر كەسێك بە نەفەقە و ماڵ وسامانێكی حەڵاڵ وپاكو خاوێنەوە ڕۆیشت بۆ حەج، وە پێی خستە ناو ئاوزەنگی ووڵاخەكەیەوە، وە هاواری كرد ووتی : ئەی خوایە هاتم بەدەم بانگەكەتەوە، ئەوا بانگەرێك لە ئاسمانەوە بانگ دەكات ودەڵێت : هاتین بەدەم بانگەكەتەوە ویارمەتی درایت، توێشووەكەت حەڵاڵە، وە ووڵاخەكەیش كە پێی هاتوویت حەڵاڵە، وە حەجەكەت حەجێكی مەبرور و گیرا بوو و بێ تاوان وگوناهە، خۆ ئەگەر هاتوو حاجی بە نەفەقە و ماڵ وسامانێكی حەرام وپیسەوە چوو بۆ حەج، وپێی خستە ناو ئاوزەنگی ووڵاخەكەیەوە، وە هاواری كرد و ووتی : ئەی خوایە هاتم بەدەم بانگەكەتەوە، بانگەرێك لە ئاسمانەوە بانگ دەكات ودەڵێت : نەهاتین بەدەمتەوە ویارمەتی نەدرایت، توێشووەكەت حەرامە، وە نەقە ومەسروفی حەجەكەت حەرامە، وە حەجەكەیشت حەجێكی مەبرور وپاكوخاوێن وگیرا نیە .

## بابەتێك : واجبە حاجی بێناز بێت لەخەڵكی وچاوی لەدەستی كەس نەبێت :

وە پێویستە حاجی خۆ بە بێناز بگرێت لەوەی لای خەڵكیەو وبەدوور بێت لە دەست پانكردنەوە وداواكردن لێیان، چونكە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { ومن يستعفف يعفه الله، ومن يستغن يغنه الله } [(2)] .

(1) طەبەرانی لە (الاوسط) دا ڕیوایەتی كردووە (251/5) بەژمارە (5228)، لە تەرغیب وتەرهیب یش لە ( باب الترغيب فؤ نفقة الحلال ) بەژمارە (1723) لە ئەبو هورەیرەوە .

(2) بوخاری لە (كتاب الزكاة، باب الاستعفاف عن المسألة) بەژمارە (1469) ڕیوایەتی كردووە، وە موسلیمش لە (كتاب الزكاة، باب فضل التعفف والصبر) بە ژمارە (1053)، لە ئەبو سەعیدی خودریەوە ڕیوایەتی كردووە .

واتا : هەرکەسێك خۆی بەدوور بگرێت لە داواکردن ودەست پانکردنەوە لەخەڵکی، خوای گەورەش بەدوری دەگرێت لە هەژاری، وە هەرکەسێك بێناز بێت لە ماڵی خەڵکی، خوای گەورەش بێنازی دەکات لێیان .

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە فەرموودەیەکی تردا فەرموویەتی :{ لا يزال الرجل يسأل الناس حتى يأتي يوم القيامة وليس في وجهه مزعة لحم } [1] .

واتا : بەردەوام کەسانێك داوا لەخەڵکی دەکەن ودەستیان لێ پان دەکەنەوە، تا ئەو کاتەی ڕۆژی دوایی دێت ورووومەتی تۆزقاڵێك گۆشتی پێوە نەماوە، مەبەست لێی ئەوەیە خوای گەورە بەسووکی وزەلیلی ورسوایی حەشری دەکات بەشێوەیەك ڕووی لای خوای گەورەی نامێنێت .

## بابەتێک : واجب بوونی ئیخلاص ودڵسۆزی بۆ خوای گەورە :

وە پێویستە حاجی نیەت ومەبەستی لە حەج وعومرە کردنەکەی ڕەزامەندی خوای گەورە وسەرفرازی دوارۆژ بێت، وە مەبەستی نزیك بوونەوە بێت لە پەروەردگار بەو کار وکردەوانەی کە دەبنە مایەی ڕەزامەندی ئەو لەو شوێن وجێگا پیرۆزانەدا .

وە زۆر ئاگاداری ئەوە بێت، کە نیەت و مەبەستی لە حەج وعومرەکەی بەدەستهێنانی دونیا ودار وپەرتووی ڕوخاوی نەبێت، یان مەبەستی رووپامایی وناوناوبانگ وشانازی کردن بێت لەناو خەڵکیدا، چونکە بەڕاستی نیەتێکی لەو شێوەیە خراپترین مەبەستە، وهۆکاری سڕینەوەی وگیرا نەبوونی کاروکردەوەکانیشە، هەروەك خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيۡهِمۡ أَعۡمَٰلَهُمۡ فِيهَا وَهُمۡ فِيهَا لَا يُبۡخَسُونَ ١٥ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيۡسَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَٰطِلٞ مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٦ ﴾ [ هود: ١٥ – ١٦ ] .

(1) بوخاری لە (كتاب الزكاة، باب من سأل الناس تكثرا ) بەژمارە (1475) ڕیوایەتی کردووە، وە موسلیمش لە (كتاب الزكاة، باب كراهة المسألة للناس ) بە ژمارە (1040)، لە عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتی کردووە .

واتا : ئەو کەسەی کە تەنها ژیان و خۆشی دنیای دەوێت و هەر هەوڵ بۆ ئەوە دەدات، ئەوە بەری ڕەنجی کردەوەی دنیای دەست دەکەوێت بەبێ ئەوەی_ بەهۆی بێ باوەڕیەکەیەوە_ هیچێك لە بەری ڕەنجە دنیاییەکەی کەم بکەینەوە * بەڵام ئەوانەی کە هەر ژیانی دنیایان لەلا مەبەستە، وە هەر هەوڵ بۆ ئەوە دەدەن و ڕۆژی دواییان فەرامۆش کردوە ئەوانە لە ڕۆژی دواییدا لە ئاگری دۆزەخ زیاتر هیچی دیکەیان دەست ناکەوێت، چونکە کردەوەکانیان بەشێکی ئەو ڕۆژەی تیادا نەبووە، خۆ ئەگەر چاکەیەکیشیان کردبێت، ئەوە هیچ سوودێکیان پێ نابەخشێت و هەمووی دەفەوتێت و لە قیامەتدا سوودی لێ نابینن، چونکە بۆ خودایان نەکردووە، بۆیە تەنها جەزای دنیاییان دەست دەکەوێت .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُۥ جَهَنَّمَ يَصْلَىٰهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا ﴿١٨﴾ وَمَنْ أَرَادَ ٱلْـَٔاخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورًا ﴿١٩﴾ ﴾ [ الإسراء: ١٨ – ١٩ ] .

واتا : هەرکەسێك تەنها ڕابواردنی ئەم ژیانە دنیاییە کورت و بە پەلەی بوێت، هەر لە دنیادا پێی دەبەخشین_ بە هەر کەسێك کە خۆمان بمانەوێت_ بەڵام پاشان دۆزەخی بۆ دەکەینە نشینگەو بە ڕیسوایی و دوور لە ڕەحمەتی خودا، تیایدا گیرۆدە دەبێت * هەر کەسێك خۆشی ژیانی دواڕۆژی بوێت و بە خودا پەرستیی و چاکەکاریی و هەوڵی بۆ بدات، لە کاتێکدا کە خاوەن ئیمانێکی دامەزراو بێت، ئەوە هەوڵدانەکەی قبوڵ دەبێت و دەکەوێتە بەر ڕەزامەندی خودا، وە بە بەهەشتی ڕازاوە شاد دەبێت... بێگومان نابێت هەوڵدان بۆ خۆشی و شادی یەکانی ژیانی دنیایش فەرامۆش بکرێت، بەڵکو پێویستە موسڵمان هەوڵ بۆ هەردووکیان بدات، بەڵام نابێت لەبەر خاتری دنیا ڕۆژی دوایی لە بیر بکات .

پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) لەم بارەیەوە فەرموویەتی : { قال الله تبارك وتعالى: أنا أغنى الشركاء عن الشرك، من عمل عملاً أشرك معي فيه غيري تركته وشركه }[(1)] .

**بابەتێك : ئەو شتانەی كە پێویستە حاجی پێش ئەنجامدانی حەجەكەی بیانكات .**

واتا : خوای گەورە لە فەرموودەیەكی قودسیدا فەرموویەتی : من دەوڵەمەندترین دەدوڵەمەندەكانم كە پێویستم بە هاوەڵ وشەریك نیە، هەر كەسێك كارێكی كرد لەگەڵ ڕەزامەندی مندا ڕەزامەندی كەسێكی تریشی مەبەست بوو، ئەوا خۆی و كارە شیركیەكەی واز لێدەهێنم و وەری ناگرم لێی .

وە پێویستە لەو سەفەرەیدا هاوڕێیەتی كەسانێكی خواناس وباش وئەهلی دین وطاعەت وزانست وزانیاری بكات، وە دوور بكەوێتەوە لە هاوڕێیەتی كەسانێكی فاسق وسووك و بێ نرخ .

وە دیسان پێویستە فێری ئەو شتانە بێت كە بۆ بەجێهێنانی حەج وعومرەكەی لە ئەركان وواجبات وسوننەت وتەواوی ڕێنوماییەكان كە خوای گەورە وپێغەمبەرەكەی (صلى الله عليه وسلم ) دیاریان كردووە ئەنجام بدرێن، وشارەزا بێت لێیان، وە پرسیار بكات لەو بابەتانەیش كە لای ڕوون نین، بۆ ئەوەی بە تەواوی لەسەر چاوڕوونی حەج وعومرەكەی ئەنجام بدات، جا كاتێك سواری ووڵاخەكەی یان ئۆتۆمبیلەكەی یان ئەو فڕۆكەكەی یان هەر هۆكارێكی تر كە دەیگەیەنێتە مەككە، سوننەتە ناوی خوای گەورە بهێنێت سوپاس وستایشی بكات، وپاشان سێجار ( الله أكبر ) بكات وئەمجا بڵێت : { ﴿ سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِي سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقۡرِنِينَ ١٣ وَإِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ ١٤ ﴾ [ الزخرف: ١٣ – ١٤ ] ، اللَّهُمَّ إنا نسألك في سفرنا هذا البر والتقوى، ومن العمل ما ترضى، اللَّهُمَّ هون علينا سفرنا هذا، واطو عنا بعده،

(1) موسلیم لە (كتاب الزهد والرقائق، باب من أشرك في عمله غير الله ) بە ژمارە (2985)، لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتی كردووە .

اللَّهُمَّ أنت الصاحب في السفر، والخليفة في الأهل، اللَّهُمَّ إني أعوذ بك من وعثاء السفر، وكآبة المنظر، وسوء المنقلب في المال والأهل } [1] .

واتا : سوپاس بۆ ئەو خودایەی كە ئەمانەی بۆ ڕام كردووین، خۆ ئەگەر خودا ڕامی نەكردنایە نەماندەتوانی نزیكیان ببینەوەو سواریان ببین، هەروەها بڵێن: بێگومان ئێمە لە ڕۆژی دواییدا هەر بۆ لای خودای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە، ئەی خوایە لەم سەفەر وگەشتەماندا داوای خواناسی وچاكەت لێدەكەین، وە داوای كاروكردەوەیەكت لێدەكەین كە تۆی پێی ڕازیت، ئەی خوایە ئەم سەفەرە ئاسان بكە لەسەرمان، وە دووریەكانی نزیك بخەرەوە لێمان، ئەی خوایە تۆ هاوڕێ وپشت وپەنامانیت لەم سەفەرەدا، وە تۆمان جێهێشتووە بەلایماڵومناڵمانەوە، ئەی خوایە پەنا ئەگرم بەتۆ لەناڕەحەتیەكانی ئەم سەفەرە، و دیمەنە ناشیرین وڕوخێنەرەكانی، وە پەنا دەگرم بەتۆ لەخراپی گەڕانەوەم بۆ ناو ماڵ ومناڵم، واتا : خوایە بە سەلامەتی و دوور لە ڕوودانی هیچ خراپەیەك بیانبینمەوە .

وە با زۆربەی كاتەكانی لەو سەفەرەدا بە یادی خوا وداوای لێخۆشبوون لێی و نزا وپاڕانەوە بەسەر بەریت، بە دڵشكاوی و زەلیلیەوە لەخوا بپارێتەوە كە خوای گەورە لێی خۆش بێت وحەج وعومرە وطاعەت وعبادەتەكانی لێ گیرا كردبێت، وە زۆر قورئان بخوێنێت وبیر بكاتەوە لەمانا ومەبەستەكانی، وە زۆر پابەند بێت لەسەر ئەنجامدانی نوێژەكانی بە جەماعەت، وە زمانی بپارێزێت لە زۆر ووتی ووتی وقسەی بێهودە، وە دوور بكەوێتەوە لەڕۆچوون لە گاڵتە وگەپ، وە زمانی بپارێزێت لە درۆ و غەیبەت ودووزمانی وڕابواردن بەكەسانی تر لە هاوڕێ وهاوسەفەر وبرا موسڵمانەكانی .

---

(1) موسلیم لە (كتاب الحج، باب ما يقول إذا ركب إلى سفر الحج) بە ژمارە (1342) ڕیوایەتی كردووە، وە ئیمامی ئەحمەد لە موسنەددا (150/2)، لە (مسند المكثرين من الصحابة) وە لە باقی موسنەدی عەبدوڵای كوڕی عومەر بە ژمارە (6275)، وە تیرموزی لە (كتاب الدعوات، باب ما يقال إذا ركب الناقة) بە فەرموودەی ژمارە (3447) ڕیوایەتی كردووە .

وە پێویستە لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە لەو سەفەرەیدا یارمەتی هاوڕێکانی بدات وهەوڵبدات چی گوفتار وکارێك باشە لەگەڵیاندا ئەنجامی بدات، وە دوور بکەویتەوە لە ئازاردانیان، وە بە حیکمەت وبە شێوەی جوان و لەسەرخۆ و فەرمانیان پێ بکات بە چاکە وڕێگریان لی بکات لە خراپە، وە بە پێی لوان وبۆکران ئامۆژگاریان بکات لەسەر ئەنجامدانی کاری چاك و باش، وە لەخوای گەورە بپارێتەوە کە جارێکی تر ڕیگای بخاتەوە ماڵە پیرۆزەکەی بۆ ئەنجامدانی طاعەت وعیبادەتەکانی ..

خوای گەورە حەجی حاجیانمان بە حەجێکی مەبرور وەربگرێت

وصلی اللە وسلم علی سیدنا محمد وعلی آلە وصحبە وسلم .